

# حەسەن زیرەك

# گەشاوەترین ئەستێرەی لەئاسمانی هونەری مۆزیك و گۆرانی كوردییدا

كاوە رەش _ رانیە

لەگەڵ گوزەركردنی ٣٤ ساڵ بەسەر ماڵئاوای گەورە هونەرمەند مامۆستا حسن زیرەك، مامۆستای زیندوو كەرەوەی ئاوازو مەقام و فۆلكلۆری ڕەسەنی كوردی، جێی خۆیەتی لەئاست شنەی گەرووی پڕاو پڕلەئیشق و ئەویندا، لەژێردەواری ژیانە هەڵچنراوەكەی بەچەرمەسەری و نەهامەتی وبێدادیدا، بۆتاوێك شۆڕبینەوە بەناو ڕێڕەوی ژیانی كوللەمەرگی ئەودا. ئەو ژیانەی بوو بەهەوێنی هونەرێك كەبۆئەبەد بەنەمری بمێنێتەوەو هەمیشە هونەرەكەی لەهەڵكشاندابێت، ڕووەو بەرزەفڕی بەئاسمان و شاكاری هونەری كوردی. زیرەك لەنێو باوەشی نیشتیمانێكی دڵگیرو ڕازاوەدا لەنێو سروشتی سەركەشی چیای بڵندو رووباری بەخوڕو دەشتی سەوزپۆشدا، باوەشی بەنەهامەتیەكانی ژیاندا كردووە، لەنێو ئەو سروشتەی كەنەسیمی بەیان و نەغمەی بولبول و قاسپەی كەوەكان، هەوێنی ناوازەو ئاوازی چریكەكانی زیرەك بووە.

هاتنە دونیای زیرەك لەساڵی ١٣٠٠هەتاوی بەرامبەر١٩٢١ز لەشاری بۆكان، و مردنی باوكی و شوكردنەوەی دایكی زیرەك لەماوەیەكی كەمدا، پارەگەندەیی و ئاوارەی كردە بەشێك لەژیانی ئەو هونەرمەندە بێنازەی كورد. بۆیە كەم شوێن و هەیە كۆڕی لێگەرم نەكردبێ، كەم ناوچەی كوردستان هەیە بۆ بژێوی و هونەركەی تێیدا نەژیابێ. زیرەك رێڕەوی ژیانی پڕبووە لەقەدەرو نەهامەتی هەربۆیە كاتێك شوفێر دەبێت منداڵێك وەبەر ماشێنەكەی دەكەوێت، بۆیە ڕووەو عێراق دێت و لەیەكێك لەمیوانخانەكانی بەغداد دەبێتە شاگرد. ئەمەش هەلی بینینی چەند كوردێكی دڵسۆزی بۆدەرەخسێنێت و لەو ڕێگایەوە دەچێتە بەشی كوردی ئێزگەی بەغداد. لەماوەی دەساڵ مانەوەی لەوێدا، زیاد لەحەفتاو دوو گۆرانی لەئاوازو هۆنراوەی زیرەك تۆمار دەكرێن. هاوكات لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕی چواردەی گەلاوێژ بەرەو ئێران دەڕواتەوە و خۆی دەگەیەنێتە ڕادێوكانی تاران و تەورێزو كرماشان. هەرلەو ساڵانەدا لەڕادیۆی تاران بە خاتوو میدیایی زەندی ئلشنا دەبێت و دەبنە هاوژینی یەكتر. لەنێوباخچەی ژیانی زیرەك و میدیایی زەندیدا دوو گوڵ لەباخچەی ژیانیان دەپشكوێت، بەناوەكانی ساكارو ئارەزوو. هەرلەماوەی كاری هونەری زیرەك لەڕادیۆی تاران، زیاد لەچل گۆرانی بەدەنگی ڕەسەنی دێنە بەرهەم. ژمارەی ئەو گۆرانیانەشی كە لەباشوری كوردستان تۆماركراون، بە سێسەدو دەگۆرانی دێنە ژماردن. كەلەڕادیۆكانی سلێمانی هەولێرو كەرك و موصلّ بەرهەم هاتوون و بلاْوكراونەوە. جەگەلەوەش بەسەدان گۆرانی دیكەی لەنێو ماڵاندا و لەكۆڕو مەجلیسەكان چڕیووە . كە هەموو ئەو كارە هونەریانەی زیرەك بوونە خاڵێك بۆ سەرەتای دروست بوونی قوتابخانەیەكی دیكەی هونەری كوردیی لەنێو نەتەوەی كورددا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا توانای زیرەك لەوەدا چڕبۆتەوە كە لەزۆرپەیژە مەقامدا تونیویەتی گۆرانی بچڕێت، وەك پەیژە مەقامەكانی بەیات،حیجاز، چوارگا، سێگا، دەشت، ماهور، ڕاست...هتد. وەهەروەها چەندین ژەنیاری بەتوانی مۆزیك، كاری ئاواز دانان و مۆسیقایان بۆگۆرانی و مەقامەكانی داناوەو هاوڕێیەتی توندو تۆڵ لەنێونیاندا هەبووە، لەوانە مامۆستایان موجتەبای میرزادە، حسن كامكار، مزەفەركامكار، ئەنوەر قەرداغی، عارف جەزراوی و چەندین ژەنیاری دیكەی ئەو سەردەمە هاوكاری بوون. جیا لەوەش بەچەند زمانێكی وەك فارسی و توركی و ئازەری، تونیویەتی گۆرانی بەشێوازی هونەرێكی زۆر بەرز بچڕێت.

بەلاّم بەداخەوە چەرمەسەری و نەهامەتیەکانی ژیان  هێندەی نەبرد زیرەکیان توشی نەخۆشیەکی کوشندەکرد،  پاش ململەنێیەکی زۆر لەگەڵ ژینێکی پڕلەنەهامەتی و کوللەمەرگیدا و پاش مانەوەی لەنەخۆشخانەکانی بۆکاندا، لەڕۆژی ٥ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی، بەرامبەر ١٩٧٢/٦/٢٦ز، لەتەمەنی پەنجاو یەك ساڵیدا، لەشاری بۆکان دڵە مەزنەکەی لەلێدان کەوت. لەسەر ڕاسپاردەی خۆشی لەگردی ناڵەشکێنەی بەرامبەر شاری بۆکان، ئاوێزانی نیشتیمانەکەی کرا.